# عێشقی ( بۆره )م

فازیل شەوڕۆ

سۆزی گەرمی
عێشقێکی پاک ،
بە شەش ساڵی ،
فێری حەزو ئەڤینێکی سەختی کردم :
لە گەوەڕی زەمەندێکی
پێش باغەکەی (خلەچورچا )،
بوومە دۆستی گیانی گیانی
( بۆره ) گووجیلەسەگێکی
گوێ شۆڕیلەی
نەرم و خرپن ،
بەدزیەوە ، بەشە شیروماستەکەی خۆم
لە بۆ دەبرد ... ،
بە پریاسکان ، نانەڕەقەم وەبەر دەکرد ... ،
نازانم چۆن ،
باوکم جارێ بەرێکەوت
( بۆره )ی بینی بەباوەش و بەشانمەوە .
چاوی سوور بوو ،
خوێنی هەڵچوو ،
باڵەکەنی شەکەتدام و
بێ رەحمانە ، ئەشکەنجەی دام ،
ئای ی ی ی ، کە لێیدام.....!
هەرچەند یەکجار هاوارم کرد :
(بۆره )م دەوێ...خۆشمدەوێ ...
خۆشم دەوێ...( بۆره )م دەوێ...
ئەو دڵبەردە ، گوێی پێنەدام ،
( بۆره )جوانی لێفڕێدام...!
ئەو شەوە ،تاکو بەیانی
بۆ چاوانی ( بۆره ) گریام ،

بە چاو گریام ...،
بە زار گریام...،
بە دڵ گریام....
لەوڕۆژەوە :
یەکەم حەزم پێشێلکرا ،
بە دەستی باوکی خۆمەوە
خۆشەویستیم ،
لەچاڵ نرا .

* * *

تازە دەهات ، خۆم بناسم .
ناسکە هەستی
عێشقی پاکی
کیژۆڵە گەنم ڕەنگێکی دراوسێمان ،
فێری کردم:
چۆن شۆڕشێ بەرپابکەم ،
لەسەر بەرگی کتێبێکا
بۆی بنووسم " خۆشم دەوێی "
خۆشەویستیی ئەو دوو دڵە :
لە چاوی گەشی قرژاڵا
بێگەرد تر بوو ،
لە تریفە ، هێمنتر بوو .
ئەستێرەکان ، ڕازگرمان بوون ،
( نالی وگۆران ) خەمخۆرمان بوون ،
وەلێ ، گوڵی ئەوبوهارەم ،
عوومری کورت بوو ،
( بەکرەشۆفار)ێکی بەدخوو ،
بە ڕەشەبای بووغز و قینە
ساباتۆکەی ئەو هەوارەی
زوو لێتێکداین ،
بە تفەنگی نامەردی خۆی ،

ئەو حەزەشی لێ ئاگردایەن .
لەورۆژەوە :
سیمرخێکی شەیدایی خۆری خۆشەویستییم ،
نە ئەوەتە
من دەگەمە باوەشی ئەو ،
نە ئەویش دێ
بە جۆگەڵە گڕی سووری
هەڵقرچێنێ ...تینوویەتیم !

* * *

لەهەرەتی وەرزی
شنەبای خەرمانی دانیشگەمدا ،
خەمی هەڵچووی
عێشقی پاکی
خاک و خۆڵی گڕتێبەربووم ،
بەتەلانی شاخەکانی
( گەڵاڵەو قەندیڵ )ی خستم.
لەورۆژەوە :
حەزی چاوی
چراڕەشکەی ئەشکەوتەکان فێریان کردم،
چۆن ئارەقەی
زریانی شەو ، بهۆنمەوە ،
چۆن خوورەی چەم ، بخوێنمەوە .
لەو ڕۆژگارە :
هەتا زێتر بەفری سپیی کویستانانم
بە کەژاوەی
زەماوەندی خوێنەکانا ڕەش دەبۆوە ،
رووباری هەنگاوەکانم
بەخووڕترو
پتر چاوی ئەرخەوانی مناڵانم

گەش دەبۆوە .
هەر بەتەنیا ، بەو تومەتەی
عێشقی ئاوم
عێشقی خاکم
گۆدیان کردم ... ،
کوێریان کردم... ،
شێتیان کردم... ،
سووکێان کردم ... .
ژەهروخەمیان ،
بەسەر دڵی ئاوەدانمدا بەشییەوە ،
دەستی گشت تاوانکارانی
سەدەی بەرد و سەدەی مانگیان
بە پێستی منا سڕیەوە ،
گووتیان : هەرگیز نەبووە ونابێ ،
خۆشەویستیی ئەم کۆیلەیە
شۆڕشێکی ناشنالزمە ،
ئەم ئەڤینە ،
سیمای تازەی شۆڤێنزمە !

* * *

ئێستێش... ،
سۆزی عێشقێکی پاک ،
بەم پایزە ، منی ڕیش سپیی وئاڵودە
دەباتەوە
پێش باغەکەی ( خلەچورچ ) و
گەلێ تووووووووووندتر
هاااااااووووواااااار دەکەم :
( بۆرە )م دەوێ...خۆشم دەوێ
خۆشم دەوێ...( بۆرە )م دەوێ
من عاشقم،
من عاشقی بزنمشک وحەجەمەجەو شەیتانۆکەم ،

من عاشقی پەپوولۆکەو فندەگوولەو خاڵخاڵۆکەم
دەلێمگەرێن، ئازادانە
جارێکیکەش
( بۆرە )م لە باوەش گرمەوە ،
دڵی دڵەمەحرووەمەکەم
هەر بۆ ساتێ
هەر بۆ جارێ
بە ماچێکی توولە سەگێ بدەمەوە.
بەس پێمبڵێن:
خۆشەویستیی...،
لە ناو خوێنی ئەم چەپڕەوە ،
سروشت و ڕەوت وڕێرەوە .
من عاشقم ،عێشقی ( بۆرە )م،
پیرە خەڵفاوێکی بۆرەم .

---

خلەچورچ؛ باغەوانێکی یەکجار هەژارودەستکوورت وماندوو ،بەلام ڕەندو دڵپاک بوو.باغ و ڕەزێکی ژێکەڵەی لە سەر ڕێی (حەمامۆک )دا هەبوو لە شاری ( کۆیە ) ، لە پەنجایەکاندا .